# کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی لەلەندەن



ئێوارەی ڕۆژی هەینی، ٢٠٠٥/٧/٢٢، کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی، لە "Queen elizabeth hall" بە بەشداریی هونەرمەندانی کوردستانی رۆژهەڵات، عەلی ئەکبەر مورادی (تەنبورژەن)، ئارش مورادی (تەنبورژەن)، کوڕەش مورادی (تەنبورژەن)و هونەرمەندی تۆمبەکو دەفژەنی ناسراوی ئێرانی، فەریبورز کیانی، بەڕێوەچوو.

عەلی ئەکبەر موردای، باوکی هونەرمەندان ئارش‌و کۆڕەش، بەشی یەکەمی کۆنسێرتەکەیان بە دووبەش پێشکەش کرد: بەشی یەکەم بەسۆڵۆی تەنبور، لەلایەن عەلی ئەکبەر موردای‌و تومبەك‌و دەف، کۆڕەش مورادی، بەمەقامی هیجرانی‌و ئەللاوەیسی‌و ئاوازی بەیاتی زەند، بەشی دووەم، بە مۆسیقاو گۆرانی "یارسان" (ئەهلی هەق)، لەلایەن هەر سێ تەنبورژەن، عەلی ئەکبەر، ئارش‌و کۆڕەش مورادییەوە، کۆتایی پێ هات.

ئاسۆ-لەندەن

فۆتۆ: ئەکی بابەمیری



تایبەت بەئاسۆ